مەزڵوم عەبدی: دەمانەوێت کورد هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەری لە ڕۆژاڤا هەبێت

مەزڵوم عەبدی، فەرماندەی گشتی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) رایگەیاند، دەیانەوێت کورد هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەری لە ڕۆژاڤای کوردستان هەبێت و "خۆمان ناوچە کوردییەکان بەڕێوەببەین".

مەزڵوم عەبدی ئەمڕۆ یەکشەممە لە میانی لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، رایگەیاند، "دەمانەوێت کورد هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەری لە ڕۆژاڤای کوردستان هەبێت و خۆمان ناوچە کوردییەکان بەڕێوەببەین".

ئاماژەی بەوەشکرد، دەیانەوێت میکانیزمێك هەبێت بۆ گەرەنتیکردنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی نێوان هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) و حکومەتی دیمەشق.

لەبارەی گەڕانەوەی هێزەکانی ڕۆژ بۆ ڕۆژاڤای کوردستان، عەبدی وتی، "هەموو کەسێك دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژاڤای کوردستان و لەناو ئەو سێ لیوایەی کە بۆ هێزەکانی هەسەدە و هەروەها هێزی ژنان دروستدەکرێت هەبن، بونی هێزەکانی ڕۆژ بۆ پاراستنی ڕۆژاڤا پێویستە".

مەزڵوم عەبدی وتیشی، "لە کۆبونەوەکەیان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا جەختیان لەوە کردەوە کە پێویستە تایبەتمەندی کورد لە ناوچەکانی رۆژاڤای کوردستان بپارێزرێت".

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەممە لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، نێچیرڤان بارزانی لە کۆبونەوەیەکدا لەگەڵ مەزڵوم عەبدی، دوایین پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکانی سوریا و ناوچەکە و دۆخی کورد و پێکهاتەکانیان لە سوریا تاوتوێ کرد.

نێچیرڤان بارزانی جەختی لە گرنگیی بەردەوامیی دیالۆگ و لێکگەیشتن بۆ چارەسەرکردنی سیاسییانەی کێشەکان لە سوریا کردەوە، بە شێوەیەک کە مافی کورد و هەموو پێکهاتەکان لە چوارچێوەی سوریایەکی یەکگرتو و لە دەستوری داهاتوی وڵاتدا پارێزراو بێت.